www.kurdistannet.org
15-2-2006 16:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەرەووڵا ئەمجارە تەڵەکە کلّپە ناوێکی گرت... ئامانج عەبدوڵا سوور

بزەیەکی سەر لێوان، قاقایەکی بەخور بەئەندازەی قولّپی پێکەنینی مامۆستای رەخنەگر حەمەسعید حەسەن، پانتاییەك لەکاریکاتێر وبزەیەکی گاڵتەجاری دیمەنی دوای خوێندنەوەی بابەتی دیارە ئەبو ئیمزایەکی ترە کەتەڵەکەم گرتویەتی بەناوی (کلّپە عزیز) هیوادارم بەهەڵەدا چوو بم کلّپەی کەسەکەم وادەرنەچی وئەویش وەکو برادەرانی تر ئیمزایەکی کاڵیان نەکردبی رۆژی لەرۆژان...
ئەم جارە ئاگرێکی بی خۆڵەمێش کلّپە ئەکات بەبی بەنزین، ئەم جارە نوسینێکم بەشانازیەوە دەڵێم گۆمێك ئەشڵەقێنی وکاڵفامێکی تر کەبوەتەوە بەئەشکەوتی دەنگی خۆم وقسەکانی خۆم وەئەوەی پارویەکی کۆنم بجوێتەوە دارشتنێکی نوسیوەوپێی وایە وەك خۆی دەڵی (پرۆفیشنەڵانە) وەڵامی داومەتەوە جاری ئەگەر لەسەر هەڵەی رێزمانیت بنوسم ئەوە تۆکەفتەکاریشی لە بەکارهێنانی زاراوەکاندا بۆیەکەم جار ئەوهەڵە یەی هێنایە ئاراوە پرۆفیشناڵ بکاتە ناوی کاریگەر!!!!!!
ئەمە جگەلەوەی مجرد-ئەبستراکت –بەرووت وەسف ئەکات بڵێی ئەم برادەرە بەدیار گۆڤاری فشیۆنەوە ئەم بابەتەی نەنوسیبی دوور نیە!!!ئەم قورەهەر ئەوەندەی تۆز لی هەڵئەستی تۆش هەر تالیبی گۆڤارێکی کەپراوپرە لەئەزیا (نمایشی جل وبەرگی کچان) بۆ ناچی مێبازنامەیەکمان بۆ نەنوسی باشترنیە؟؟؟
بۆیە من ئارەقم لی ئەچۆری کەتۆ لەسەم بنوسی کورد ووتەنی بەعالەم.... هاوشار بەمن پشیلەی ناتەواو... ئیدی خۆتم لی مەکە بە لیوتار وبۆدریار گوایە حەزی نەکردووە وەڵامم باتەوە بۆئەوەی مەغروور نەبم، جگەلەوەی من شەرم ئەمگری گفتوگۆت لەگەڵ بکەم کەئەشکەوتی دەنگی خۆمی وئەوبۆ خوێنەران جی دێڵم کەچەند زارەوەی بەکارهاتووی خۆمت بەکارهێناوەتەوە، ئەمەوێت ئەوەشت عەرزکەم کەنوسین پەیامێکە بۆ هەژاندن نەك خۆناساندن گەر کلتۆری بەعسیزم ئەوەی لا درکاندووی ئەوە زۆر بەهەڵەدا چویت هەڵبەوت مەبەستم ئەوەنیە تۆ بەعسیت نەخێر بەڵکو کلتوری بەعسیزم کاری لەسەرتاکی کوردی کردووە ولەمێشکی زۆرێکدا کلسی گرتووە... ئەگەر نا تۆ بەرگری لەوقوتابیانە ناکەیت کەسەردەمی بەعس بەئیمزا چونە پەیمانگای هونەرەجوانەکان ولەبەرامبەریش دا نەوەی دوای راپەرین بەدەربار وەسف بکەیت، یان شۆرشێك بەهی خۆت نەزانی وحاشای لی بکەیت (شۆرشی گوڵانەگەت) وەك ئەوەی بەکارت هێناوە!!!!!کەسێکی نویکم بەرلەراپەرین لەئەمنە سوورەکە زیندان بوو ئەمنەکان پێیان ووتبووتۆ نابی بەجاشی ئێمە برۆ پیرۆزی گوڵانەکەوقیادە موەقەتەت بە... رێك لەپەیڤەکانی تۆ ئەچی بۆیە لەم گری رستەیەدا موچرکە بەلەشما هات.. لەمەودوا کلّپە پێخۆرێکی باشە بۆ ساتێرەکانم بیکەمە پاڵەوان بەزەحمەت کەسێکی وام دەست بکەوی...
کلّپەی ئاگر تی بەربوو کە ئاگری جگەری دوێنی هەڵی گرتووەوویژدانی دوێنی قەبولی ناکات سوکایەتی بە فرقەی ئینشادی تەوەکەلت وعەلەڵاوە بکرێت، هاتووە ئەوەمان بۆ شرۆڤە بکات کەگۆرانی دیسان بارانە گۆرانیەکە فۆلکلۆرە وگوزارە لەشۆرشی مەزنی گوڵان ناکات، جاری بەرلەهەموو شتی شۆرشی گوڵان هی تاکە حزبێك نیە سەردەمێك شۆرش هاتەوەئاراوە کورد یەك بوو خاوەنی یەك کلتوروشرۆڤەی شۆرشگێری بوو ئەودەم کورد بەدوای گوزارەدا ئەگەرا دوور نیە تۆ بەدوای ئەم گوزارەیە نەبوبیت چونکە خەمێکت

نەبووە ئەوەمن نایڵێم خۆت نوسیوتە دەنا بابیرت بێنمە کەشانۆی رەجەبی پیاوخۆر نمایش کرا پاڵەوانەکە لەسەر تەنەکەیەك دانیشتبوو جەماوەر هێند تینووی ئازادی بوو ووتیان ئەم تەنەکەیە گوزارەیە لەنەوتی کەرکوك!!هونەرمەندی خوالی خۆش بوو ماملی گۆرانی یادی بەخێری چری ووتیان بۆ بارزانی چریوە...

گۆرانی یاران وەسێتم کەبەپەنجە ئامازەیەی بۆ شاخەکان ئەکر خەڵکی واتەفسیریان کرد کەبۆدروستکردبوونەوەی شۆرش ئامازەئەکات کلَپەی بی بەنزین خۆئەمەش فۆلکلۆرە وانیە؟؟؟

ئیدی تۆ بیڵگەت چییە ئەم گۆرانیانە زمانی ئامازەنەبوون ئەوە کی یە تۆی کرد بە پرۆفیسۆری گۆرانی کوردی ولەم ئاستی شۆرگێ{ی ئەم گۆرانیەت کەم کردۆتەوە؟؟؟؟

تۆ کەبیری نەتەوەیی کوردی بەبیری لۆکاڵی وەسف بکەیت ئیدی من هیچت پی ناڵێم هێند نەبی دیارە برینت کولاوەتەوە بۆ هەڤاڵانی دێرینت کەمن سوکایەتی بەکلتوریان ئەکەم بروا بکەن ئەوەیبەمن نوسینە قاڵس بێت لەزومرەی ئەوبرادەرانەیە کەبەپرچ کچانیی فنون جەمیلەیان پەلکێشکرد بۆ یەمولموحافەزە!!!هیوادارم ئاگری جگەرت هەڵی نەگرتبی وتۆلەو زومرەیە نەبی!!

راستە من بەبەڵگەوە لەسەر باری داتەپیوی هونەری هەولێرنوسیومە پەشیمان ینم بەڵام خاتری سلێمانیشم نەگرتووە ئەوەی سی یەم بابەتمە لەسەری دەنوسم لی من چی بکەم هونەری هولێر لەئاستێکی داتەپیوودایە هێشتا تازەە هاتووەلاسایی ئەمیتا باجانی هیندی ئەکاتەوە کەسەردەمانی تۆش بینەری بویت ئێستاش لەوانیە حەزت لەفیلمی ئەسپەبەوەفاکەی بێت؟؟؟بۆیە هونەری هەولێر لای تۆ گەشەسەندووە راستە تۆی تی نەگەیشتوو بیرکرچ وکاڵ هەروئەوەی لی هەڵ ئەکری ئەوە دارە زرەکەیە هەرئەوەی لی ئەوەری ئەرەوەڵا بابی بابم بۆتۆ ئەمە زۆرە!!!!!!!!!

پێی سەیرە من لەمەر میویزك بنوسم جاری بەرلەەهەموو شتی تۆخۆت بەدرۆ ئەخەیتەوە کەوەسفی رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان) ئەکەیت منیش ئەڵێم ئەمەیەکێکە شاکاری رۆمانی کوردی بەڵام خاڵی نیە لەلاسایی ئەوەی مەبەستمە بەگێلێکی وەکو تۆ ی بڵیم ئەری کاك بەختیار چ کۆرسێکی میوزیکی خوێندووە؟؟؟

وائەم شاکارەی نوسیوە!!!کاکە گیان وەك پێشتر لەبابەتی رابردوودا ئاشنام کردیت میوزیك بەشێکە لەژیانی هەموو مان من نەهانووم لەسەر هارمۆنیسازی وئیقاعی بنوسم من لەوانەیدەوروبەری میوزیك ئەدویم، من ئەڵێم رەوانیە تۆ گاردێکی میویزك بەدواتەوە بێت ولەکلاسیك نەترازێیت، ئنجا ئەم کاڵفامە تەبیعەت کۆنە خوازە فرمێسك هەڵرژە هەڵەیەکی چاپەمەنی من زەق ئەکاتەوە (پاڤارۆتی) ئەوە پیاوێکی دەنگ ئۆپێراڵی ئیتالی ریشنی قەڵەوی وورگنەولەهەموودنیادا نێوناوبانگی هەیە لی کاکە من ئەگەر هەڵەی چاپی تۆ بنوسم لەم دیرە کەم وکورتانەتدا لەژمارە نایەن، بۆنمونە هەرچی پیتی (ژ) هەیە بووتە (ز) بۆ نمونە مێژوو بوەتە مێزوو، تۆزێکی تر بەردەوام بویتایە دوور نەبوو نەبوایە بە مێروو!!

یان ستایل بووە بە ستال!!!هتد بەڵام ئەمانە کەی کێشەن هەرگیز لای من ئەمانەکێشە نین تۆ وەرە وەك من جەدەل لەمەر دۆسیەیەك بکە لەرووی فۆرمەوە نەك چاپ خۆتۆ خەبیری چاپەمەنی نیت!!من خەمێك هەژاندوومی پراوپرە لەخەمی نەتەوەیی دژ بەوەم میوزیکی کوردی لەعێراقی مارەببری، دوای ئەوەی گوێی ئێمە تەنەکەی خۆڵ نیە فیکە لیدان لەناو ئەوکۆنسێرتەدا هێمای نارەزایی جەماوەر بوو بەرامبەر ئەومارە برینە تۆ لەم شارە

نەژیاوی ئەم شارە تاسەرئێسك ڕەوابینە هەر ئەم شارەبوو ساڵی ١٩٩٠تلێپەتەماتەیان گرتە کازم ساهیر!!!

نەجات ئەمین بۆنایەت کار لەسەر ئەوسی پارچە میویزکە بکات کەهونەرمەندانی گەورەی ئەم وولاتە (دلشاد دهۆکی –پێشرەوبابان ژەنیاری سەمفۆنیای دانیمارك-خالید رەشید) بکات کەتۆ بەکەلرِی هونەرمەندانی ئەزانی ولێمان ئەکەیتە کاریزمای میوزیك تۆ ئەزانی ئەمان هەر خەریکی کۆلاژکردنی میویزکی رۆژئاواین لەوەش بترازی ئەوە (ع. ج. سەرگرمە) یە پارچە میویزکێکی بادینی کۆلاژکردووە ونوسیویانە دانانی ع. ج. سەرگرمە بەمەرجی بەرلەم بەرێزە هونەرمەندی گەروەی کورد دلشاد دهۆکی ژەنیویەتی بەلام کۆلاژینەکردووە بائەویش لەلایەك راوەستی سەرەی دۆسیەی ئەم برادەرەش دی (ع. ج. سەرگرمە) کەتۆ لەستایشی دەنوسی ولێمان ئەکەیتە کارێزمای میویزکی کوردی، داهێنان لەمیویزکدا کرابی ئەم سی هونەرمەندەی ناوم هێنان شاکاریان هەیە بەلام بابپرسین بۆ ناگەرێنەوە ئەم وولاتەوخزمەت بکەن وەلامەکەی زۆر ئاسانە هەلبەت ئەمان وهونەرمەندە بەتواناکانی تریش کە ژیانی تاراوگەیان هەلبژاردووە لەبەرامبەر ئەوەیە کەسیسارکە کەچەلەکان تاسەرئێسك دژایەتیان ئەکەن وتوانایان ئەشارنەوە...

تەنها لەوەدا تۆ راستی کەدەسەلات زۆر ناوی بی هودەلەهیوای زەق کردۆتەوە بۆ نمونە کەی رەوایە هەلکەوت زاهیر راوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێـ لەم وولاتەدا، کاك هەلکەوت ئەوپیاوەی ١٠٠٠$هەزار دۆلاری کردە خاترجەم بۆ دۆسیەی سعاد حسنی، ئنجا پیاوێ ی بەناوی علی بەدرخان هێناوە ژیاننامەی بارزانی باوکی نەتەوەییمان بکاتە فیلم ئەم پیاوەش تەمەنی لەپایز نزیك بوەتەوە تازە هاتووە پێمان بلی هاتمەوە ئامێزی نیشتمان ئاخر ئەوبرە ی بۆ ئەوفیلمە دیاری کراوە باشترنیە دەرهێنەرێکی ئیتالی بێنین ئەوکارەمان بۆبکات؟؟ئەمانە دەستکەوتی هەلکەوت زاهیرن کەلەگۆترە لێمان هەلکەوتووە، ئەمانە راوێژکاری هونەری بن ئەبی نزای خێر بۆ ئایندەمان بکەین، هەلکەوت زاهیر خاوەنی هەشت نۆ چاوپێکەوتنی خالیە لەبواری رۆژنامەنوسی بەگۆرانی بێژەکانی ووتبوو بلێن ئێمە موعجیبی دەنگی زیاد ئەسعەدین ئەمە تومەز خۆی حەزی لەدەنگی زیاد ئەسعەدەوموزیادەی پێوەئەکات، من لەم ناپەسەنیانە بی دەنگ نابم قەلەمی خۆی ئامادەنەکردبی بۆ پەتی سێدارەولێپێچینەوە ئەوە خامە نیە وبۆ شکان باشە!!!تۆ برینت بەوە نەکولێتەوە خێلی جاشان بەم بابەتانەی من نیگەرانن ئاخر هەمزەتۆڤ جوانی وتووە ئەوەی دەمانچە بەرابردووی خۆیەوە بنی ئایندە تۆپی پێوە ئەنی، ئەمان ئامادەین سوکایەتی بەرابردووی تەلخیانەوە بکەیت!!!!

خوێنەران دلنیائەکەم ئەم دۆسیەیەم بەردەوامە تا ئێوەش بزانن چەندی وەك خەسە وحەرەش وکلپە وئاسۆ هی دیکەش بەرێوەیە فرمێسکی تیمساح بۆ دوێنی ئەرێژن.. کام دوێنی؟؟؟؟